# کورتەیەك لەسەر هەڵوێستی ئاینە ئاسمانییەکان لە سەر کۆیلەداری –ڕابردو و ئێستا , نموونە سودان

عەلی مەحمود محەمەد

کۆیلە کردنی مرۆڤ وا دەکات خاوەن کۆیلەش بەشێك لە مرۆڤایەتی خۆی لە دەستەدات –هیگل



کۆیلەداری وەك فۆرماسیۆنی کۆمەڵایەتی دڕندانەترین قۆناغ بووە مرۆڤایەتی پێیدا تێپەڕیوە , مێژوو دڕندایەتی لەم شێوەیەی لە هیچ قۆناغێکی کە بە خۆوەی نەدیووە , ماوەی هەزاران ساڵ درێژەی کێشاوە و سەرجەم مرۆڤایەتی لە پانتایی جیهاندا پێوەی تلاوەتەوە و ئێش و ئازارەکەی چەشتووە.

لە سستەمی کۆیلەداریدا هەموو پێناسێکی مرۆڤ بوون لە مرۆڤە کۆیلەکان سەنراوەتەوەو وەك ئامێرێك بۆ بەکار هێنان سەیرەکران نەك وەك مرۆڤ , هەر وەك ئەرستۆ پێناسی کۆیلەی پێدەکات.کۆیلەکان لە بازاڕ دەکردران و دەفرۆشران , لەگەڵ مردنی خاوەنەکانیان پێکەوە لە یەك گۆڕدەنران و دەکران بە قوربانی خوا پیرۆزەکان , لە کاتی پیر بوون و نەخۆشکەوتنیاندا بەرەڵا دەکران , دەخەسێنران تا توخمی نێرینە لە جەستەیان نەمێنێت و کاری سێکسی ئەنجام نەدەن , هیچ مرۆڤێك خاوەن خێزانی خۆی نەبووە ,منداڵ لەبەر مەمکی دایك دەبردرا ,بوك لە ناو جێگەی خۆشەویستەکەی , منداڵەکانیان لە کێڵگەی تایبەتیدا وەك مریشك بە خێودەکران و بۆ پێداویستی بازاڕ بەرهەم دەهێنران , خوێنیان هەمووکات بێ لێپرسنەوە و حەڵاڵی خاوەنەکانییان بووە. ئەم قۆناغە بە درێژایی هەزاران ساڵ سەرتاسەری مرۆڤایەتی بە دەستییەوە ناڵاندی ,

PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

هەرچەندە هەندێك گروپی بچوك تا ئەم دواییە بەشێوەی كۆمۆنی سەرەتایی ژیانییان دەبردە سەر لە ناو خۆیاندا جیهانێكی ڕۆمانسییانەی یەكسانییان بۆ تاكەكانییان دابین دەكرد , بەڵام ئەوانیش بەشێك بوون لە سستەمی كۆیلەداری بەرامبەر دەرەوەی خۆیان, ڕاو دەكران و لە بازاڕدا دەفرۆشران , بۆیە نایان توانی خۆیان لە كۆیلەداری بپارێزن و لە دەردو نەهامەتییەكانییان دوور بن , هێزەكانی دەرەوەی خۆیان پەلكێشی ناو سستەمەكەیان دەكردن .

كۆمەڵگەی عەرەبی لە جەزیرە كۆمەڵگەیەكی كۆیلەداری بوو پێش هاتنی ئیسلام و دوای هاتنی ئیسلام , واتە ئیسلام مامانی لە دایك بوونی كۆیلەداری نییە لەم كۆمەڵگایەدا, تا ئەمە بكەین بە بەهانەیەك بۆ تاوانباركردنی بە هێنانی كۆیلەداری بۆ كۆمەڵگەی ئیسلامی , بەڵكە درێژە پێدەرو پارێزەرییەتی وەك هەموو ئاینەكانی پێش خۆی , بە ئاسمانی و نا ئاسمانییەوە, ئەمەش ئەوە دەرەبڕێت ئاینە ئاسمانییەكان خاوەندی پەیامی كۆتایی هێنان بە كۆیلەداری نین تا ئەمڕۆ وەك شانازییەك بۆ خۆیان سەیری كەن . بەڵكە لە ماوەی هەزاران ساڵدا داكۆكییان لێی كردوە و بە بڕیارە پیرۆزەكانییان پاراستویانەو درێژەیان پێداوە, ئامرازێك بوونە بە دەست خاوەند كۆیلەكانەوە , بگرە بەرگی پیرۆزیشییان لە بەر سسەمی كۆیلەداری كردووە , لە چیرۆكی پێغەمبەراندا دەتوانین زۆر نموونە لە پێغەمبەری خاوەند كۆیلەی زۆر ببینین .

لە سنوری دەوڵەتەكانییان بازاڕی كۆیلە گەرم بووە , هەرە مرۆڤە خوا پەرست و داهێنەر و دادپەروەرەكانییان خاوەنی مێگەلی كۆیلەو كاڕانی جاریە بونە , بۆ كار و خۆشی و كەیف و سەفاكانیان بەكاریانیان هێناوە.

كۆمەڵگەی ئیسلامی بۆ ماوەی زیاتر لە 13 سەدە لە هەندێك بەشی زیاتریش بە جێ بە جێكەری خاوەندارییەتی كۆیلە لە جوگرافیاكەیدا مایەوە و تا دوا ساتەكانی خەلافەت داكۆكی لێكرد, پاشان لە سایەی دەسەڵاتی ئیستعماردا كۆیلەداری لەم وڵاتانە هەڵوەشێنرایەوە 1 . هەرچەندە پەیوەندی بەرهەمهێنانی زاڵ لە سەردەمی ئەمەوی و عەباسی و عوسمانی و تەنانەت چەند دەیە دواتریش دەرەبەگایەتی بووە , چونكە كۆیلەكان نەخشی سەرەكییان لە بەرهەمهێناندا نەبووە , تەنها خزمەتكار و دەركەوان و بوونە 2 . پیشەگەر و گۆرانیبێژ و سەماكەر و جەنگاوەریشیان تێدا هەبووە , هەر یەكەی بە گوێرەی تەمەن , جوانی , پیشە , زیرەكی لە بازاڕدا پارەی كردووە , وەك هەر ئامێرێكی كە بازاڕ نرخی دیاریكردووە .

PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

هیچ یەكێك لە سێ ئاینە ئیبراهیمییەكە (جولەكە–كریستان–ئیسلام) سستەمی بەردەدارییان هەڵنەوەشاندەوە و قەدەغەیان نەكردووە, هەرچەندە هەندێك ڕێگایان بۆباشتر كردن و ئازادكردنی كۆیلەكان وەك تاك خۆشكرد و هەنگاویان بۆ چاك كردنی باری ژیانییان ناوە و ریفۆرمیان ئەنجامداوە, هیچ كامییان وەك رەتكردنەوەی سستەمەكە و هەڵوەشاندنەوە و هەڵتەكاندنی لە ریشەوە لە ڕوی بڕیار و كرداردا هەنگاویان نەناوە, هەنگاوە نراوەكانیش زۆر لە خوار داخوازی ئەو كاتی كۆیلەكان بوو چ وەك ئاین بۆ نموونە ئاینی ئەغریقی لە جەژنی كرۆنۆسدا لە ڕۆژێكدا تایبەتمەندی كۆیلە بوون و ئازاد بوون لە مرۆڤەكان وەر دەگرێتەوە ,خاوەنەكانییان ئەو ڕۆژە خزمەت كۆیلەكانییان دەكرد– نظام العبودية القديم والنموذج المثالي للانسان –جوزيف فوجت, ترجمة د.منيرة كروان 1999 ص 81 .

یاخود ئەو ڕاپەڕینانەی كۆیلەكان بۆ ڕزگاری ئەنجامییان دا وەك –لایتۆم–ئەترووریا–ئەبولیا–سەقەلیەی یەكەم –سەقلیەی دووەم –سپارتاكۆس, هەموو ئەم شۆڕشانە بۆ كۆتایی هێنان بە كۆیلەداری بوو نەك ریفۆرم كردنی . ریفۆرمەكان لە هەر سێ ئاینەكە بەیەك ئەندازە نیین , خودا تاكی جولەكەو ئیسلام ناكاتە كۆیلە بە دەست هاو ئاینەكان خۆیان , بەڵكە ئەوان بە مرۆڤی نموونەیی و هەڵبژاردە دەزانێت , بەڵام كۆیلە كردنی تاكی كریستان بە ئاسایی دەزانێت و بە مرۆڤی هەڵبژاردەیان نازانێت . لە هەمان كاتدا نابێت ڕۆڵی قۆناغی مێژووی یان كات و شوێن لە چاكسازییەكاندا فەرامۆش بكەین, هەموو گۆڕانكارییەكی ریشەیی ئەمڕۆ بۆ سبەی ریفۆرمە, ئەوەی ئەمڕۆ پێشكەوتنخوازە چەند دەیەی كە پارێزگار و كۆنەپەرستە,ئەوەی لە كوردستاندا گۆڕانكاری ڕادیكالانەیە لە ئەوروپا پارێزگارانەیە .

لە قۆناغی كۆیلەداریدا زۆر جار شۆڕشەكان بەو ئاراستەیە دەڕۆیی كۆیلەكان خاوەنەكان خۆیان بكەن بە كۆیلە , واتە كۆیلە جارێكی كە كۆیلەداری بەرهەم دەهێنایەوە, شۆڕشەكان لە بازنەی سستەمی كۆیلەداری دەرناچوە دەرەوە .لە سەرو بەندی شۆڕشی سەقلییەدا كۆیلەكان زۆر بە توندی دژ بە خاوەنەكانییان وەستانەوە , دەست و قاچی دیلەكانییانیان بڕیوەتەوە و مناڵی باوەشی دایكییان كوتاوە بە زەویدا نظام العبودية القديم والنموذج المثالي للانسان –جوزيف فوجت, ترجمة د.منيرة كروان 1999 ص 71.

ئاینی هیندۆسی كۆمەڵ دابەش دەكات بە سەر چینەكاندا و بەشێوەی فەرمی بەشێك لە كۆمەڵگەی هیندۆسی دەكاتە كۆیلە ئەویش توێژی مەنبوزەكانە, لە ساڵی 1951 بە فەرمی لە

PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

هیندستان سستەمی چینایەتی هیندۆسی  هەڵوەشێنرایەوە, بەڵام تا ئێستا مەنبوزەکان لە هیندستاندا ماون , لە هەموو مامەڵەیەکدا لە کۆمەڵ  بە مرۆڤی نمرە دوو دەژمێردرێن , لە کۆنگری دۆربانی باشوری ئەفریقیا کە لە سەرەتای سەپتەمبەری 2001 بەسترا , ئاینی هیندۆسی وەك ئاین کە ڕاستەوخۆ داکۆکی لە دابەش کردنی چینایەتی کۆمەڵ دەکات کەوتە بەر ڕەخنەی توند و بە پارێزەری کۆیلە داری تاوانبار کرا  . لە ماوەی 8 سەدە دەسەڵاتدارییەتی ئیسلام لەم وڵاتە   و 8 دەیە دەسەڵاتدارییەتی ئینگلیز لە هیندستان ئەم سستەمە کۆنەپەرستانایەیان هەڵنەوەشاندەوە و کۆتاییان پێ نەهێنا , بەڵکە لە بەرژەوەندی خۆیان درێژەیان پێداو پاراستیان , هەرچەندە ئینگلیز فریای کۆیلەی هیندی نەکەوت سەردەمی کۆیلەداری تێپەڕی بوو,لە ساڵی 1833 وە لە وڵاتە کۆلۆنیالییەکانی بەریتانیا کۆیلەداری یاساغ کرابوو . بەڵام جارییەی هیندی  باشترین و پەسەندترین دایکی منداڵی ئیسلامەکان بوو, پیاویشییان باشترین  کارەکەر و دەرکەوانی گوێڕایەڵ بوون .

یاساکانی حەمورابی کە بە باوکی شەریعەتی جولەکە و ئیسلامیش دەناسرێتەوە 18 بڕگەی داکۆکیی کردنە لە سستەمی کۆیلەداری , تیایدا بە یاسا ئەو سزایانەی دیاریکراوە دژ بە ئەوانەی هاوکاری کۆیلە دەکەن لە هەڵاتن , یاخود ئەو کۆیلانەی هەڵدێن ..... , زۆربەی سزاکانیش مەرگە. واتە بە توندی داکۆکی لە کۆیلەداری دەکات .

جولەکە کۆیلەدارییی یاساغ نەکرد, بەڵام پێغەمبەرانی بەنی ئیسرائیل داوایان لە جەماوەر کرد مامەڵەیان لەگەڵ کۆیلەکانا باش بکەن 3 . لەم بارییەوە ووتوایەنە(لا تسلط علیه بعنف بل فخش الهك) 4. شەریعەی جولەکە ڕێگە دەدات بە کۆیلەکردنی جولەکە لە لایەن جولەکەی کەوە , بەڵام کاتی کۆیلەکردنەکە زیاترنەبێت لە 6 ساڵ , بۆ حەوتەم  ساڵ دەبێت ڕزگار بکرێت , ئەگەر ژنەکەشی لەگەڵیدا کرابێت بە  کۆیلە ئەویش لە گەڵیدا  ئازاد دەبێت  5 , مەگەر کۆیلەکە بۆ خۆی داوای مانەوە بکات لای خاوەنەکەی  بە شێوەی ئارەزومەندانە 6. بەڵام  هەموو ڕەواییەك دەدات بە کۆیلە کردنی نا جولەکەکان  لە لایەن جولەکەکانەوە 7.

هەروەها ئاینی جولەکە باوەڕی بە کۆیلە کردنی هاونیشتمانییە نا جولەکەکانی وڵاتی یەهودیش هەیە و بە ڕەوای دەزانێت, واتە ئەو هاونیشتمانییە نا جولەکانەی لە ژێر قەڵەمڕەوی دەسەڵاتی ئیسرائیلدا دەژێن دەکرێت  لە هەر کاتێکدا بکرێن بە کۆیلە , ئەگەر زیاتر لەمە ورد بینەوە و سەرنجی لێبدەین ئەوەمان  بۆ دەردەکەوێت هاونیشتمانی نا جو لە ژێر دەسەڵاتی جولەکەدا

PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

چارەنوسی تەنها کۆیلایەتیە , ئەمڕۆش نەکرێت ئەوا کۆیلە کردن چاوەڕوانییەتی , ئازادیەکەی کاتییە. سەرباری ئەوەی باوەڕ بوون بە گەلی هەڵبژاردە خۆی لە خۆیدا بۆچونێکی تەواو ڕەگەز پەرستانەیە و ڕەوایەتی بە کۆیلەکردن و کەمزانینی خەڵکی دەرەوەی خۆ دەدات . سەرنج بدەن و بزانن چۆن بە توندی مامەڵە لە گەڵ دەرەوەی خۆیان دەکەن– کاتێك نزیك دەبیتەوە لە شارێك بۆ شەڕ داوای ڕێك کەوتنیان لەگەڵ بکە , ئەگەر وەلامیان دایەوە ئەوە هەموو دانیشتوانەکە دەبنە کۆیلەتان وئەگەر بڕیاری جەنگیان دا ئابلوقەیان بدەن , بە هەموو هێزێکەوە لێیان بدەن سەری هەموو نێرەکانییان بپەڕێنن , هەرچی منالّ و ئافرەت و کەلوپەلی شارەکەیە ئەوە دەسکەوتی خۆتانەو خوا بۆتیانی ناردووە 8 . لە هەمان کاتدا جولەکە باوەری بەوە هەیە ماف لەسەر گەلانی دراوسێ هەیە, جولەکەکان بۆیان هەیە منالّی ئەو گەلانە بۆ خۆیان بەرێت و بیانفرۆشێت (ژیان لەگەڵ هاولاتیان , کۆیلە کردنی منالانی غەریبە) 9 . هەرچەندە ئاینی کریستان ئەو جیاوازییەی ئاینی جولەکە لە نێوان گەلان دروستی کردبوو تێی پەڕاند , بەلام هیچ بڕگەیەکی پەسەند نەکرد دژ بە سستەمی کۆیلەداری بێت و هەنگاو نان بێت بۆ هەلّوەشاندنەوەی , سەرباری میهرەبانییەکەی بەرامبەر کۆیلەکان . سەرچاوەی یاسای تاکە کەسی لە ئاینی کریستان لە پەرتووکی سەردەمی کۆنی جولەکەوە سەرچاوەی گرتووە , بۆیە نەیتوانی زۆر لە شەریعەتی جولەکە تێپەڕێنێت , ئەگەر سەرنج بدەینە نامەکەی پۆلس بۆ خەڵکی ئەفسوس ئەم ڕاستییەمان بۆ دەرەکەوێت , داوای ملکەچی دەکات لە کۆیلەکان بۆ خاوەنەکانییان , لەو کاتەدا ئەسینا 400000 کۆیلەی تێدا بوو , سەرەتای نامەکەی بەمەی خوارەوە دەست پێ دەکات – ئەی کۆیلەکان ملکەچی خاوەنەکانتان بن 10. هەروەها هەلّوێستی پرۆستانتەکانیش لەمە باشتر نەبووە بەرامبەر بە سستەمی کۆیلەداری , مارتن لۆتەر باوەڕی وابوو (کۆیلەداری پێویستە بۆ کۆمەڵگە و دژ بە بۆچونی یەکسانی مرۆڤایەتی و هەلّوەشاندنەوەی کۆیلەداری ڕاوەستاوە) 11.

ئاینی ئیسلام وەك ئاینە سامییەکانی ڕۆژهەلاتی ناوەڕاستی پێش خۆی کۆیلەداری هەلّنەوەشاندەوە, بەلام هەندێك چاکسازی هێنایە ئاراوە, ڕیفۆرمەکانی بەرفراوانتر و زیاتر بوو لە ئاینەکانی پێش خۆی , دیارە کات وە ئاینەکانی کە بە تایبەتی کاریگەری ئاینی مەزدەکی و مانی لەسەر ئەم ڕیفۆرمانە هەبووە . لە ماوەی 13 سەدەدا ئاینی ئیسلام پارێزەری سستەمی کۆیلەداری بووەو داکۆکی لێ ی کردووە وپەیڕەوی کردووە , بگرە لە سەرتاسەری مێژووی

PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

دەسەلاتدارییەتی خەلافەتدا , خەلیفەکان بۆ خۆیان گەورەترین خاوەنداری کۆیلە بوونەو زۆرترین ژمارەی کۆیلەیان هەبووە بە پیاوو ژنەوە. تەنانەت هەندێك وولاتی ئیسلامی تا ئێستاش ئیمزای بەڵگەنامە جیهانییەکانییان نەکردووە بۆ هەڵوەشاندنەوەی کۆیلەداری , بەو بیانووەی ئەم بڕیارە دژ بە شەریعەتی ئیسلامە 12.

هەرچەندە ئیسلام هەندێك ڕیفۆرمی هێنایە ئاراوە بۆ باشتر کردنی ژیانی کۆیلەکان و سوك کردنی چەوساندنەوەی سەریان , بەلام پاشتر لە مەودای پراتیکدا ئەم ڕیفۆرمانە خرانە ژێر پرسیارەوە و زۆربەی کاتەکان کارییان پێنەکراوە و کۆیلەکان بە ناڕەواترین شێوە چەوسێنراونەتەوە .

ئاینی ئیسلام داوا لە خاوەن کۆیلەکان دەکات کۆیلەکانییان نەکوژن و بە دلۆڤانییەوە لە تەکیا بجولێنەوە و مامەڵەیان لە گەڵدا بکەن , هەمان ئەم داخوازییە لە هەردوو ئاینەکەی پێشو (جولەکە و کریستان) هەبوو , بەلام ئەو دلۆڤانییانە یەك لە ملیوێنیش ڕویان نەداو کاریان پێنەکرا , کۆیلە پڕ بە پێستی ووشەکە مامەڵەی لەگەڵدا کراوە . لە ئیسلامدا چەند کۆیلەیەك گەیشتن بە پلەی زۆر نزیك لە پەیامنێرەوە , لە ڕابردودا لە ئاینەکانی کە نموونەی لەم چەشنە نەبووە , لەوانە سەلمانی فارسی , بیلالی حەبەشی , عەماری کوڕی یاسر , زەیدی کوڕی حاریسە... .

بەلام یەکێك لە تایبەتمەندییەکانی بوون بە خەلیفەی موسڵمانان ئەوەیە کە کەسایەتییەکە پیاوێکی ئازاد بێت واتە کۆیلە نەبێت , ئەمەش دەربڕی ئەوەیە کۆیلە مافی مرۆڤی ئازادی نییە لە کۆمەڵگەدا 13. ئەم کەسایەتییانە چەندە نزیك بوون لە پەیامنێرەوە بەلام نەیانتوانی بچنە ناو بازنەی دەسەلاتەوە , لە کاتێکدا ڕۆڵییان لە سەرکەوتنی ئیسلامدا لە زۆر کاتی دیاریکراو چارەنوس ساز بووە . حەزرەتی موحەمەد ڕوو لە خاوەن کۆیلەکان دەکات و دەڵێت– (ئەو گوناهەتان بەس بێ کە کۆیلەکانتان لە خواردن بکەن ) 14. هەرچەندە لە هەمان کاتدا پەیامنێر و هەر چوار خەلیفەکانی ڕاشدەین و هەر عەشەرە موبەشیرەکەی بەهەشت و زۆربەی هاوەلان و یاوەرانی پەیامنێر و ئەوانەی پاشتر هاتن کۆیلەی تایبەتی خۆیان هەبوو 15. تەنانەت پەیامنێر کۆیلەی ژن و پیاوی هەبووەو بەخشییە , یەکێك لەوانە بە ناوی ڕووە 16. هەروەها بە دیاریش وەری گرتووە 17.

بەلام هەردەم مامەڵەی باشی لە گەڵییاندا کردوە (لم يظرب النبي أبدا بيدة لا واحدة من نسائة ,ولا عبدا ,ولا شخصا أخر) 18.

PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

زوبێر بن عەوام و تەڵحە کە دووان لە یاوەرانی پەیامنێر بوون و عەشەرە موبەشەرەی بەهەشتیش بوون , واتە بەهەشتیان مسۆگەر بوو , لە دوای مەرگیان هەر یەکەیان 1000 کۆیلەو 500 کۆیلەیان بەجێ هێشتووە 19. لە بەرامبەر ئەم داوایەی پەیامنێر ڕوو لە خاوەن کۆیلەکان کە بە دڵۆڤانییەوە مامەڵە لەگەڵ کۆیلەکان بکەن, لە هەمان کاتدا داوا لە کۆیلەکانیش کراوە بە چاوی دوژمنایەتییەوە سەیری خاوەنەکانییان نەکەن 20. هەروەها لە ئیسلامدا کۆیلەو ئازاد بە دیندار و بێدینەوە ,لە ژیان و مەرگ و تۆڵەی خوێندا یەکسان نەبوونە لەگەڵ مرۆڤی ئازاد , لە سورەتی بەقەرە ئایەتی 176 هاتووە (فالحر بالحر,والعبد بالعبد) . ئیسلامییەکان بۆ خۆیان دان بەوەدا دەنێن کە ئیسلام کۆیلەداری هەڵنەوەشاندۆتەوە بەڵکە بە گوێرەی باوەڕیان چوارچێوەیان تەنگ کردەوە , لە سێ سەرچاوەی بەرهەمهێنانەوە (جەنگ –هەژاری–ڕاوکردن) کردی بە یەك سەرچاوە ئەویش تەنها جەنگە 21 . واتە تاکە سەرچاوەی پەیداکردنی کۆیلە ئەو جەنگانە بوون ئیسلامەکان ئەنجامییان دەدا دژ بەو ناوچانەی هێشتا نەخرابوونە ژێر دەسەڵاتی ئیسلامەوە , کۆیلەکردنی موسڵمانان و هاونیشتمانیانی نا موسڵمانی ژێر دەسەڵاتی خەلافەتی هەڵوەشاندەوە , واتە ڕاوکردنی کۆیلە لە ناو جوگرافیای دارالئیسلام , کۆیلە کردن لە بڕی قەرز و فرۆشتنی قەدەغەکرد.

لە ئاینی ئیسلامدا جیهان دەکرێت بە دوو بەشەوە دار الئیسلام و دار الحرب , ئەوانەی دەکرێن بە کۆیلە نا موسڵمانەکانی دانیشتوانی دار الحەربن 22 . نا موسڵمانەکانی دارالحەرب پاش فەتح کردنی نیشتمانەکەیان کە جزیەیان دا لە بەرامبەردا لە کۆیلەکردن دەپارێزرێن.

بەڵام عوسمانییەکان لە هەندێك کاتدا پابەند نا بوون بەم بڕیارەوە , هێرشیان دەکردە سەر کریستانەکانی دار الئیسلام و لە وڵاتانی بەڵقان منداڵەکانیانییان دەفراند و دەیان کردن بە کۆیلە و پەروەردەیان دەکردن لە کاروباری سەربازی بەکاریانیان دەهێنا 23 .

ئیسلام لە نێوان کۆیلەو خاوەنەکەی پەیوەندی بەهێزی دروستکرد, یەکێك لە نموونەکانیش مامەڵەی عومەری کوڕی خەتابە لە سەفەرەکەیدا بۆ قودس , لەگەڵ کۆیلەکەی بە نۆرە سواری ئەسپەکە بوونە , کە کۆیلەکە سواری بووە و عومەر بە دوایدا ڕێی کردووە بە پێ 24. ئەمە بەرزترین ڕادەی دڵۆڤانییە لە مێژوی ئیسلامدا بەرامبەر کۆیلە کراوە. هەروەها کاتێك بینی ئازادەکان نان دەخۆن و کۆیلەکان ڕاوەستاون داوایکرد پێکەوە نان بخۆن لە یەك قاپدا 25. لە

PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

ئاینی ئەغریقی ملوێنان نموونەی وا  هەیە خاوەند کۆیلە بە دلۆڤانییەوە مامەڵەیان لەگەڵ کۆیلەکانییان کردوە لە جەژنی کرۆنۆس .

لە ئیسلامدا جیاوازیی کراوە لە نێوان کۆیلەکردنی نا موسڵمانەکانی وڵاتی دار الحرب بە گوێرەی خێڵەکانییان , بۆ نموونە قورەیشەکانی مەککە نەکران بەکۆیلە کاتێك شارەکەیان فەتح کرا لە لایەن موسڵمانەکانەوە, بەڵام بەنی نەزیر و بەنی قەریزەو جولەکەکانی خەیبەر کران بە جاریە و کۆیلە . قورەیشەکان لە کاتی گرتنی مەککە بۆ خۆیان زۆر لە تۆڵە دەترسان , پەیامنێر ڕوو لەوان  ووتی– (یا معشر قريش , ما ترون أني فاعل بكم؟) زیادی کردو ووتی -(لا تثريب عليكم اليوم,فأنتم الطلقاء) 26. بەڵام پاش 15 ڕۆژ لە گرتنی مەککە لە غەزوەی هۆزان ژمارەیەکی زۆری لێیان گرت و کردییانی بە کۆیلە, ژمارەیان بە 6000 لە ژن و مناڵ دیاریکرا 27. واتە جیاوازی لە نێوان قورەیشە کوفرەکانی مەککەو هەوازندا کرا , بەڵام نا بێت ئەوەشمان لە بیر بچێت , هەوازنەکان لە جەنگێکی مێژووی وا دا تێك شکان , لە سەرەتایدا بۆ خۆیان براوە بوون .

لە ئیسلامدا کۆیلە لە برِی قەرزیش هەبووە 28. هەرچەندە ئەمە ڕێگە پێدراو نەبوو. هەروەها کۆیلە بازاڕی تایبەتی هەبووە , فرۆشتنی ئاسایی بووە , کاتێك خاوەنەکەی پێویستی بە پولەکەی بووە یاخود تەمەنی تێپەڕیوە و جوانی خۆی لە دەست داوە , یاخود دەنگی گۆڕاوە (گۆرانی بێژان) 29. سەمەر قەند و باکوری ئەفریقیا دو بازاڕی گەورەی کۆیلە بوون لە دار الئیسلام لە پاڵ سامراو بەغدا 30.

ئەبو حەنیفە کە یەکێکە لە دارِێژەرانی 4 مەزهەبە سونییەکە, ڕاشکاوانە داکۆکی لە کۆیلەکردنی موسڵمانە غەیرە عەرەبەکان دەکات . کە مالکی و شافعی و حەنبەلی ڕەتییان کردۆتەوە 31 .لە ئیسلامدا کۆیلە کردنی موسڵمانان یاساغە , پێشتر ئەفلاتونیش داوای ئەوەی کرد نابێت یۆنانی یۆنانی بکات بە کۆیلە, بەڵام باوەڕی بە کۆیلەکردنی نا یۆنانی هەبوو. جولەکەش ماوەی 6 ساڵی دیاریکرد بۆ کۆیلەکردنی جولەکە لە لایەن هاوئاینێکی خۆیەوە .

لە هەمان کاتدا نابێ ئەوەشمان لە یاد بچێت کە نا موسڵمانەکانی وڵاتی دارالئیسلام  بۆیان نەبوو هەموو کۆیلەیەك بکڕن لە بازاڕدا , کە تاکە ڕێگە  بو بۆ  بوون بە خاوەند کۆیلە بە گوێرەی یاساکانی ئیسلام سەبارەت بە موڵکداریەتی کۆیلە , چونکە ئەوان ماڤی سەربازی بوونیان نەبوو لە سوپای دەوڵەتدا تا لەوێوە لە فەتحەکاندا کۆیلەیان دەستکەوێت , بانگەوازی خەلیفە عومەر بۆ

PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

کریستانەکانی شام ئاماژە بۆ ئەوە دەکات لە بڕگەیەکیدا  بۆیان نییە کۆیلەیەك بکڕنەوە بە شمشێری موسڵمانان  گرتراوە 32.

بە فراوانبوونی سنوری دەسەڵاتی ئیسلام و گەورە بوونی سوپاکەی و هێرشەکانی لە ڕوی چەندایەتی و چلۆنایەتی  و زۆر بوونی سەرکەوتنەکان و زیادکرنی دەسکەوتەکان  کۆیلەش زیادیکرد و بازاڕی گەرم بوو . بەهۆی دیل کردنی زیاتر , یاخود پەیداکردنیان بۆ بەکارهێنانییان بۆ کاروبارە خزمەتگوزارییەکان  . بەم هۆکارەوە  بازاڕی کۆیلەش زۆر  و گەورە بوەوە, بە گوێرەی کارەکانیان  کۆیلەکان  نرخی خۆیان دەکرد  33 .

شیرازی کە یەکێکە لە مەرجەعیەتە ناسراوەکانی مەزهەبی شیعەیە , ڕاشکاوانە داکۆکی لە پەیوەندی کۆیلایەتی لە چوارچێوی وڵاتی ئیسلامی دەکات 34.

بە پێچەوانەی ئاینی جوو , ئیسلام باوەڕی بەوە هەبوو ئەگەر موسڵمانەکان هێرشیان کرد بۆ شوێنێك خەڵکەکەی بێشەڕ خۆیان دا بە دەستەوە , ئەو کات ئەو خەڵکە ناکرێن بە کۆیلە , جزیەی خۆیان دەدەن و دەپارێزرێن , هەرچەندە لە مێژودا نموونەی وا هەیە بە پێچەوانەی ئەم یاسایە موسڵمانەکان  مامەڵەیان  کردووە  , بلازەری لە فتوح بلدان دەنوسێت –(پاش شەڕی موسڵمانان و خەڵکی قیساریە 4 هەزار کەس گیران ,پاش مۆرکردنی پەیماننامەی نێوان هەردولاش هەر ئازاد نەکران  ) 35.

کۆیلە لە بنکەی هەرەمی کۆمەڵگەوە دەهاتن , ژمارەیان لە هەموو بەش و چین و توێژەکانی دیکەی کۆمەڵگە زیاتر بوو , ژمارەیان بە گوێرەی  دەسکەوتی غەزەواتەکان زیادی دەکرد . بەکاردەهێنران لە بواری بازرگانی و پیشەسازی و پیشەیی و کشتوکاڵ و چاك کردنەوەی زەوی نویێ. لە هەردوو ڕەگەزەکە نێر و مێ بوون , بازرگانە گەورەکان کۆیلەیان لە بازێڕەکانی دراوسێ مەککە و تائیف و سەنعا بە گوێرەی پیشەو هێزی جەستەیی دەکڕی 36 .

ئەو شەڕانەی کە لە سەردەمی پەیامنێردا کران و تیایدا ژمارەیەکی  زۆر منداڵ و ژن و پیاوو بە دیل گیران و کران بە کۆیلە شەڕەکانی بەنی قەریزە و هۆزان و بەنی سەقیف بوون .

بە هاتنی ئیسلام چەوساندنەوەی کۆیلە لە مەیدانی کاردا گۆڕانکاری  ئەوتۆی بەسەردا نەهات . ئیسلام هیچ مژدەیەکی بۆ ڕزگارکردنیان پێ نەبوو , ئەمە وایکرد لە ساڵی 255 تا 272 کۆچی لە خواروی عێراق شۆڕشێکی گەورە بەرپا ببێت کە لە مێژوودا بە شۆڕشی کۆیلەکان بە ناوبانگە .

PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

ئەم ڕاپەڕینەش گەورەترین شۆڕشی کۆمەڵایەتی کۆیلەکان بوو دژ بە ڕژێمی کۆیلەداری لە چوارچێوەی دەسەڵاتدارییەتی ئیسلامدا 37.

بەغدا گەورەترین ناوەندی بازرگانیکردن بوو بە کۆیلەوە, لە وێدا هەموو ڕەنگ و شێوەکان بە جیاوازی ڕەگەز , ڕەنگ , شێوە , زمان دەست دەکەوتن , نرخەکانییان لە بازاڕەکانی بەغداو بەسرە لە پەرتووکەکاندا دیاریکراوە . ڕەشەکان هەرزانترین نرخیان هەبووە. تەنانەت بەشێکیان لێ خەسێنراون . چیرۆکی هەزارو یەك شەوە پڕە لە کەسایەتی کۆیلەی ڕەنگاو ڕەنگ لە ژن و پیاوی خەسێنراو 38 .

کۆیلەداری لە ئیسلامدا تا ڕوخانی خەلافەت درێژەی کێشا , کاتێك محەمەد شەشەم لە ئاستانە هەڵات 300 جاریەو 4 ژنی لە پاش خۆی بەجێ هێشت 39 . واتە تا دوا چرکەی ساتەکانی تەمەنی خەلافەت کۆیلەداری بەردەوام بوو لە وڵاتە ئیسلامییەکاندا . ئیتر ئەوانەی داوای گەڕانەوەی خەلافەت دەکەن , جێی خۆیەتی لێیان بپرسرێت , ئایا بە کۆیلەدارییەوە دەیانەوێت خەلافەت بگەڕێتەوە , یان بەبێ کۆیلەداری ؟؟؟ . ئەمە ئەو پرسیارەیە پێویستە بەرەو ڕوی خاوەنانی ئەو پرۆژە سیاسییە بکرێتەوە.

شێخ محەمەد ئەلئەخوە سەرۆکی لیستی نەهزەی ئیسلامی لە تونس , بۆ هەڵبژاردنەکانی ساڵی 1989 ی وڵاتەکەی ,لە چاوپێکەوتنی لە کەڵ ڕۆژنامەی (المغرب) لە ڕۆژی 14–4–1989 ڕای گەیاند– (ئەگەر بارودۆخی ژیان پێویست بکات ئاساییە کۆیلەداری بگەڕێتەوە بۆ تونس )40.

ئەم فتوایەی شێخ لە ناوخۆی تونس ڕسوا کرا , بەڵام لە دەرەوەی تونس یەك نووسەر و سەرکردەی ئیسلامی بنیاتگەرا ڕسوای نەکرد . لە کاتێکدا باسی گەڕانەوەی کۆیلەداری دەکرد , لە ساڵی 1844 ەوە سستەمی کۆیلەداری لە تونس هەڵوشاوەتەوە . تەنانەت وەڵامیشییان نەدایەوە و هەڵوێستیان لەسەر ئەم تێڕوانینەی دەرنەبڕی و بێدەنگییان هەڵبژارد لە بەرامبەری .

کۆیلە داری تا ئێستاش لێرەو لەوێ لە جیهاندا بەردەوامە . ڕێکخراوی مافی مرۆڤی نێو دەوڵەتی ڕای گەیاند ژمارەی بە کۆیلە کراوەکان لە جیهاندا دەگاتە 27 ملوێن .لە ناویاندا ئەو منداڵانەی لە یاری ڕا کردنی حوشتر لە ئیماراتی عەرەبی بەکار دەهێنرێن , ئەوانەی لە ماڵان وەك کارەکەری بەکار دەهێنرێن لە وڵاتانی کەنداو , وە زیاتر لە 1000 کەس لە بەرازیل وەك سوخرە کارییان پێدەکرێت , هەروەها بوونی کۆیلە لە سودان و موریتانیا شتێکی ئاشا هەڵنەگرتووە 41.

PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

تەنانەت 10٪ هێزی کاری هیندستان  لە کاری زۆرە ملێ بەکار دەهێنرێن 42 , ئەمەش بۆ خۆی شێوەیەکە لە سستەمی  کۆیلەداری .
جیم جاسی تەمەن 27 ساڵەی بەرێوەبەری کۆمەڵەی ئەمەریکی بۆ قەلاچۆکردنی کۆیلەداری ژمارەی کۆیلەکان لە جیهاندا بە 30 ملوێن دیاری دەکات , نموونەی هیند و پاکستان دێنێتەوە کە کەس و کاری مردووەکان لە جیاتی قەرزی مردووەکان پاش خستنە سەری قازانجی زۆر کاری قورسییان پێدەکرێت تا قەرزەکە بە کار پڕ دەکەنەوە , هەروەها لە تایلەند و ئەورووپای ڕۆژهەلات ژنان دەرفێنرێن بۆ کاری سێکسی لە ولاتانی ئەورووپای ڕۆژئاواو ئەمەریکا بەکار دەهێنرێن . ساڵانە 700000 ژن و منالْ بازرگانییان پێوە دەکرێت , لەوانە  بە تەنها 50000 بۆ ولاتە یەکگرتووەکان  ئەمەریکا دەنێردرێن 43 .
ڕێکخراوی لێبوردنی نێو دەوڵەتی لە بانگەوازێکدا زۆر بە توندی ڕەخنە لە حکومەتی مۆریتانیا دەگرێت و بەم ڕستەیە بانگەوازەکەی دەست پێدەکات –دوا ڕۆژ بۆ مۆریتانیا هەیە بێ کۆیلەداری 44.ساڵی 1981 بۆ دووەم جار بڕیاری یاساغکردنی کۆیلەداری دەرکرا لە مۆریتانیا , بەلام تا ئێستا کۆیلەداری لەم ولاتە بەردەوامە , نەتەوە یەکگرتووەکان بە توندی ڕەخنەی لەم کارەی ولاتی مۆریتانیا گرت 45 . ماوە ماوە لێرەو لەوێ هەواڵی کۆیلەداری لەم ولاتە  بلاو دەبێتەوە و سەرنجی هەواڵنێرییەکان بۆخۆی ڕادەکێشێت , ژنانی کۆیلە بە زۆر ناچاری شوکردن  دەکرێن و لە کاری جنسیدا دا بەکار دەهێنرێن ,لە ناو مۆریتانیاکاندا وتەیەك باوە دەڵێت– (چونە بەهەشتی کۆیلەکان و کۆیلە ئازادبووەکان پەیوەندە بە ڕازیکردنی خاوەنەکانییان یان خاوەنەکانی پێشوویان ) 46.
کۆیلەداری لە مۆریتانیا و ولاتانی باکوری ڕۆژئاوای ئەفریقیا بە بەربلاوی پەیرەو دەکرا تا سەرەتای ئەم سەدەیە , بەلام بە هاتنی فەرەنسەییەکان و پاشان بە هەنگاوی درێژ خایەنی حکومەتەکانییان لە ژێر پاڵەپەستۆی بیرورای  نێو دەوڵەتی و ناوخۆ توانییان یاساغی بکەن, بەلام بنەبڕ نەکراوە . لە ساڵی 1956 ەوە بە فەرمی کۆیلەداری لە کۆماری مۆریتانیای ئیسلامی یاساغە 47. بەلام هەر درێژەی کێشا تا دووەم بڕیار  پاش 25 ساڵ لە بڕیاری یەکەم دەرکرایەوە ئەویش کۆتایی پێ نەهێنا  تا ئێستا بەردەوامە .
مەسعود وەلید بلخێر کاندیدایەك بوو بۆ سەرۆکایەتی مۆریتانیا  بە بنەچە کۆیلە بوو, لە دوا هەڵبژاردنی سەرۆکایەتی خۆی بۆ پۆستی سەرەك کۆماری هەڵبژارد , بەرنامەی هەڵبژاردنی ئەوە

PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

بوو به سەرکەوتنی بۆ سەرۆك كۆماری , كۆیلەداری و ڕەگەز پەرستی و جیاوازی چینایەتی له مۆریتانیا له ڕەگەوه هەڵتەكێنێت 48 .



لەم هەڵبژاردنەدا که له 7-11-2003 ئەنجامدرا ماركسییەكان مۆریتانیا پشتگیرییان لێی كرد توانی 5٪ی كۆی دەنگەكان به دەست بهێنێت .

شینخیا ولد بەلیل بەدەم قوڵپی گریانەوه هاوارەكات -(متمانەم بەوەیه خوای پەروەردگار ژنەكەم له كۆیلەداری ڕزگار دەكات) 49. ئەمه ئاهو ناڵەی پیاوێكه ژنەكەی زەوت كراوەو ڕفێنراوه و كراوه به كۆیله له هەزارەی بیست و یەكدا , ئاواتی گەیشتنەوەیه پێی , هیچ هیوایەكی نەماوه تەنها بەوه نەبێت خوا ژنەكەی له كۆیلەداری بۆ ڕزگار بكات , بەڵام نازانێت زەوی سەدان ملوێن ئاهوناڵەی وای له مێژوی خۆیدا قوتداوه.

هەروەها تەلەفزیۆنی ئێم بی سی له ڕۆژی 17-4-1999 بڵاویكردەوه 50 هەزار جوتیاری پاكستانی له ناوچەی سەند به ڕۆژ ئاغاكان كه زۆربەیان لایەنگری یەكگرتوی ئیسلامی دەسەڵاتدارن كاری سوغرەیان پێ دەكەن به شەوانیش دەیان بەستنەوه له ترسی هەڵاتن.

تا ئێستاش بازاڕی كۆیلەداری له نایجیریا و مالی و وڵاتانی ناوچه گەرمه. له ڕۆژهەڵاتی نایجیریا ڕۆژانه كاروانی كۆیلەكان له منداڵانی 10-12 ساڵی كه نرخی هەركێكیان له هەلومەرجی گەرمی بازاڕدا 50 دۆلارەو له دابەزینی بازاڕدا دەگاته 20 دۆلار دەكەوێته ڕێ بۆ فرۆشتن. باكوری نێجیریا بازاڕی سەرەكی كۆیلەیه (ئێستا لەو ناوچانه شەریعەتی ئیسلامی تێدا جێبەجێ دەكرێت) هەروەها له كامیرۆن و غێنیاو بیساو بەنین و غابۆن بازاڕی كۆیله هەیه 50 . ئەوه چیرۆكی كەشتییه كۆیلەكەی مالی جیهانی هەژاند كه دەیەویست بارەكەی له بەنین خاڵی بكاتەوه , بەڵام ڕێگەی پێنادرا باری كۆیلەكان له لێوارەكانی بەنین هەڵڕێژێت , چەند ڕۆژ له كەنارەكانی ئەو وڵاتانه ئەمسەر و ئەوسەری كرد .

له 25-9-1926 پەیماننامەی نێو دەوڵەتی جیهانی مۆركرا له جنێف بۆ یاساغكردنی كۆیلەداری , وەك یەكەم بەڵگەنامەی نێو دەوڵەتی بۆ قەدەغه كردن و بنه بڕكردنی كۆیلەداری له

PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

جیهاندا, ئەم پەیماننامەیە خرایە بەردەست هەموو دەوڵەتەکان , سعودییەو یەمەن مۆریان نەکرد بە بەهانەی ئەوەی لەگەڵ بۆچونەکانی ئیسلامدا ناگونجێت و یەکناگرێتەوە.
تا ئێستا دەستە چەکدارەکانی گروپە ئیسلامییەکان لە جەزائیر لە کردارەکانیاندا ئافرەتان دەرفێنن و وەك سەبایا مامەڵەیان لەگەڵدا دەکەن , هەموو کردارێکی سێکسیش بە یاسای ئەوان لەگەڵ سەبایا ئازادە و ماف پێدراوە, تا ئێستا (تا ئامادە کردنی ئەم هەواڵە)2084 پەلاماردان تۆمارکراوە و 319 ئلفرەتیش شوێن بزرن , سەرباری ئەوەی سەدانی کەش لە ترسی ئابڕووچون لە پۆلیس تۆمارنەکراون 51 .لە وڵاتی نیجەر 20000 کۆیلە هەیە , لە دیسەمبەری 2003 لە ئاهەنگێکدا بە بۆنەی ڕزگاری کۆمەڵێك کۆیلەوە ڕێکخرا ,حاکمی ناوچەی زینی مایجا نەیهێشت ڕۆژنامەنوسان ئامادە بن لە ترسی ئابڕوچون , ڕێکخراوی دژایەتی کۆیلە لە نایجەر ڕای گەیاند کۆیلەکلن تەمەنییان لە نێوان 14-25 ساڵە 52.لە کاتێکدا ئەو منالآنە جێی خۆیەتی لە قوتابخانە بخوێنن.
لە کوردستانیش ڕژێمی بەعس پاش شالآوە بەدناوەکانی ئەنفال ,دەیان هەزار ژن و منالّی کوردی کرد بە کۆیلەو جار جارە هەواڵێك لێرەو لەوێ دەبیستیینەوە کە لە سعودییەو میسر و کوەیت و شارەکانی باشوری عێراق دراون بە شوو یاخود نێردراون بە دیاری بۆ ئەو وڵآتانە , ئەمەش هەموو یاسایەکی کۆیلەدارییان بەسەردا جێبەجێ دەبێت, بۆیە پێویستە ئەم کێسە وەك بەشێك لە کۆیلەداری ببردرێتە ناو ناوەندە جیهانییەکانەوە.

## جاریە لە ئیسلامدا

جاریە بە گوێرەی پێناسی ئیسلامییەکان – هەموو ژنێکە کە لە شەڕدا دەگیرێت , بە مەرجێك موسڵمان نەبێت , چونکە موسڵمان بە هیچ شێوەیەك نابێت بکرێت بە کۆیلە 53.
نەك تەنها بە درێژایی مێژوی ئیسلام دەسەلآتداران و دەوڵەمەندان خاوەند جاریە بوونە بگرە زۆربەی ئەمیر موئمنینەکان و خەلیفەکان و سوڵتانەکان بۆ خۆشیان نەوەی جاریە بوون , لە سەردەمە پڕ ڕەونەقەکانی دەسەلآتی ئیسلامیدا فەرمانڕەوا بوونە 54. هەموو خەلیفەکانی ئەمەوی لە ئەندەلوس سەرتاپایان نەوەی جاریە بوونە , هەموو خەلیفەکانی ئەمەوی جگە لە یەزید و ئیبراهیم کوڕی وەلید , سەرجەم خەلیفەکانی عەباسی تەنها عەباسی کوڕی سەفاح و

PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

مەهدی و ئەمین 55. لێرەوە ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت جارییەکان ڕۆڵی گرنگییان لە مێژوی ئیسلامدا گێراوە.

بە گوێرەی یاسایەك لە ئیسلامدا جاریە پاش منالّ بوونی لە کەسێکی ئازاد ئەویش ئازادە بوو , هەروەها پاش مردنی پیاوەکەشی دیسانەوە ئازادە بوو 56 . ئەمەش هەنگاوی باش بوو بۆ ڕزگار بوون لە کۆیلەداری .

هارونە ڕەشید ڕۆژانە 100 ڕکات نوێژی دەکرد , تەنانەت لە کاتی نەخۆشیشدا , ڕۆژانە 1000 درهەم جگە لە زەکات سەدەقەی دەدا , سالّێك لە حەچ بوو سالّی دوایی لە فتوحات بوو , سەردەمەکەی بە یەکێك لە سەردەمە پڕ ڕەونەقەکانی مێژوی ئیسلام دادەنرێت , کەچی 2000 جاریە لە قەسرەکەی بوو , 6 ژنی هەبوو لە گەلّ هەندێکیان تەنها شەوی زاوایی خەوتبوو , فریای ئەوە ناکەوت بگەڕێتەوە سەریان 57 . لە ناو ئەو جاریانەی هارونە ڕەشید 300 یان تەنها بۆ گۆرانی و مۆسیقاو کاروباری ڕێکخستنی شەراب خواردنەوە تەرخانکرابوون 58 .

لە دوای کۆتایی هاتنی قۆناغی فەتح لەئیسلامدا , نەمانی سەرچاوەی سەرەکی کۆیلە , ئیتر پشت بەسترا بە بازرگانانی کۆیلە کە لە ئەورووپاوە جارییەی چاوشینی بالا بەرزی قژ زەردیان دەهێنا 59. لە کاتی فەتحەکاندا جاریە نرخی دادەبەزی بۆ کەمتر لە 100 دینار 60. نرخی جاریە وەك کۆیلە بە گوێرەی جوانی و کار و پیشە نرخی دەچووە سەر , سعید برای سلێمانی کوڕی عەبدوالمەلیك گۆرانی بێژێکی بە ناوبانگی بە 1 ملوێن درهەم کڕی کە دەیکردە 70 هەزار دینار 61 .مورادی سێیەم (1574–1595) فەرمانڕەوا بوو 300 جارییەی هەبوو , خاوەندی 135 منالّ بوو زۆربەی زۆریان لە جارییەکان بوون 62 . عەمری کوڕی حەزم جارییەی تەرخان کرد بۆ ڕێك خستن و تاشینی توکە بەر 63. لە هەمان کاتدا سولّتان عەبدوالحەمید کە دورخرایەوە 370 جاریە و 127 خەسێنراو لە خزمەتیدا بوون . جارییەکی لەوانەی کۆشکەکەی خۆی کردە دیاری بۆ جەمالّەدینی ئەفغانی ئەو ڕەتی کردەوە و وەری نەگرت 64 .

شێوەیەکی دیکە لە جاریە پیاوی خەسێنراوە بە هەمان شێوەی جاریە بۆ کاری سێکسی بەکار دەهێنران , ناویان لیّ نرابوو غولامە جەوارییەکان . لە سەردەمی عەباسییەکان بە بەرفراوانی هەبوو , بە تایبەتی لە سەردەمی خەلیفە ئەمین 65. ئەبو نەواس شیعری لەسەر غولامە جەوارییەکان نوسیوەو , جاحزیش لە نامەکانیدا باسیانی کردووە و ئاماژەی پێیان داوە .

PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

ژمارەی جاریە بۆ کاری سێکسی دیاریکراو نەبووە بۆ پیاوان . دیاریکردنی ژن بە 4 بۆ پیاوێك وەك هەنگاوێك بۆ کەمکردنەوەی چەند ژنی , ریفۆرم بوو لە خزمەت ژناندا , بەڵام لە هەمان کاتدا تۆڵەی ئەمە بۆ پیاوە داراو و دەسەڵاتدارەکان لە بێکۆتایی ژمارەی جارییەکان کرایەوە.

## سەرمایەداری و کۆیلەداری

پاش دۆزینەوە گەورەکان , لە بواری جوگرافیا و پیشەسازی و بازاڕ. پێویستی بازاڕ بە هێزی کاری زیاتر , ئەو هێزی کارەی کە هەیبوو نایتوانی پێداویستی بازاڕ پڕ بکاتەوە. ئەم کەلێنە لە کەم هێنانی هێزی کار , سەرمایەداران بە کۆیلە پڕیان کردەوە ,نموونە لە ئەمەریکا کۆیلەکان لە کاری کشت و کاڵی برنج و شەکر بەکار دەهێنران کە پێویستی بە هێزی کاری زۆرە نظام العبودیة القدیم والنموذج المثالي للانسان –جوزیف فوجت, ترجمة د.منیرة کروان 1999 ص 64. لێرەوە کاروانی کۆیلە ڕوو لە ئەوروپا و ئەمەریکا لە بازاڕەکانی کۆیلەوە لە ئەفریقاوە کەوتە ڕێ. کۆی گشتی 150 ملوێن کۆیلە لە بازاڕەکان فرۆشران لە سەردەمی سەرمایەداریدا , تەنها ساڵی 1787 ژمارەی کۆیلە فرۆشراوەکان گەیشتە 100000 کەس بە فەرەنسا و ئینگلتەرە بە تەنهایی 66 . پورتەغالی و هۆڵەندی و دانیمارکی و موسڵمانانی باکور(ئەفریقیا) ڕێگەیان بە بازرگانی کۆیلە دەدا لە نێوان سەدەکانی دوانزە بۆ بیست 67. هەندێك لە کۆیلەکان دەخەسێنران تا مناڵیان نەبێت , نەك مناڵەکان بەخێو کەن و پارەی خۆی دەرنەکاتەوە و زیانی لێبکەن . لە ئەمەریکای باکور کێڵگەی بەخێوکردنی مناڵی کۆیلە دروستکرا , تا کۆیلەی مناڵ بەرهەم بهێنێت و لە بازاڕدا بیفرۆشنەوە 68. لە دوای شۆڕشی فەرەنسە بە 3 سال واتە لە ساڵی 1794 بڕیاری قەدەغەکردنی کۆیلەداری درا , بەڵام ناپلیۆن لە ساڵی 1802 کاری بە کۆیلەداری کردەوە , تا لە ساڵی 1848 جارێکی کە هەڵوەشێنرایەوە 69. لە وڵاتەکانی ژێر دەسەلاتی خۆی کۆیلەکانی ئازاد کرد. لە ساڵی 1807 پەرلەمانی بەریتانیا دەنگی بە

PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

قەدەغەکردنی کۆیلەداری دا , لە ساڵی 1833 لە وڵاتە ژێر دەستەکانی کۆیلەدارییان هەڵوەشاندەوە , لە ساڵی 1830 گلکۆیەك بۆ سپارتاکۆس دروستکرا نظام العبودية القديم والنموذج المثالي للانسان –جوزيف فوجت ,ترجمة د.منيرة كروان 1999 ص 210 . هەڵوەشاندنەوەی یەکجاری کۆیلەداری هاوکات بوو لەگەڵ کڵپە سەندنی شۆڕشی جەماوەری 1848 ی ئەورووپا . بڕیاری قەدەغەکردنی کۆیلەداری لە ڕۆژی 4–3–1848 دەرچوو 70 .

لە کۆنگرەی دۆربان کە لە سەپتەمبەری 2001 لە شاری دۆربانی خواروی ئەفریقیا بەسترا بە فەرمی ئەورووپییەکان داوای لێبوردنییان کرد لە ئەفریقییەکان لە پای بە کۆیلە کردنیان 71, بەڵام ئەمەریکییەکان داوای لێبوردنیان ڕەتکردەوە و کۆنگرەکەیان بەجێ هێشت . یەکێك لە ڕۆژنامەنوسانی ناسراو (ڕیتشارد دوون) بابەتێکی نووسی لە ڕۆژنامەی ئیندپێنت بە ناوی (قەرەبوی زیانی ئەفریقییەکان مەکەنەوە بۆ کۆیلەداری ) , لەو وتارەدا داکۆکی لە ئەورووپییەکان دەکات و دەنوسێت –(ڕەشەکان خۆیان خۆیان کرد بە کۆیلە , ئەورووپییەکان تەنها زیادەکەیان هێنا کە 12 ملوێن بوون , ئەوانیش هەر ڕەشەکان خۆیان فرۆشتیانییان) . ئەو شارستانییەتەی ئەمڕۆ ڕۆژئاوا شانازی پێوە دەکات بەشێکی زۆری کۆیلەی ئەفریقییەکان بنیاتیان ناوە . مایکل بلیکی پسپۆری مێژوی ئەفرۆ–ئەمەریکی لە ساڵی 1992 ەوە دەستی کرد بە گەڕان و پشکنینی گۆڕستانێکی کۆیلە ڕەشەکان لە ژێر مانهاتنەوە لە نیۆرۆك , لە ئەنجامدا 12 تەرمییان دۆزییەوە , ژن پێکەوە لەگەڵ 2 منداڵ ساواکەی نێژرابوون , ئەوانی دیکە دەستیان پێکەوە بەسترابووەوە, ئەم مەرگەش ئاسایی نەبووە , بەڵکە بە کۆمەڵ قەلا چۆکراون .

کۆیلەکان ڕۆڵی سەرەکییان لەو کارانە هەبوو کە بەدەست دروست دەکران ,هێزی کاری زۆری دەویست و کارەکانی سەخت بوو, وەك حەوزی بەنداوەکان و بالاخانە دروستکردن , زۆربەی ئەو شوێنانەی دروستکران پێش 1808 بە بازوی کۆیلەکان دروستکران ,کۆی گشتی 20000 کۆیلە شاری نیورۆك بوو بە گۆڕستانییان و

PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

تەرمەكانییان لە ژێر بالآخانەكانییەوەیەتی 72 . جێی خۆی نییە بلێن شارستانی ڕۆژئاوا تەمبەڵەكەی بە خوێنی كۆیلە ئەفریقییەكان لێدرا .

سستەمی سەرمایەداری كە ئەمڕۆ شانازی بە ئازادیخوازی خۆیەوە دەكات , بووە بە پارێزەری مافی مرۆڤ , بۆ ماوەی سەدان ساڵ بەشداری لە كۆیلەكردنی مرۆڤەكاندا كردووە , بە ئارەق و خوێنی كۆیلەكان , بانكەكان و بالآخانەو بەنداوەكانی خۆیان دروستكرد و سەرمایەیان پێكەوە نا , تا ئێستاش بەرەكەی دەخۆن و لە ڕشەفاهییەتدا ژیانە بەنە سەر ,پاشماوەكانی خۆیان بۆ وڵاتانی ئەو كۆیلانە دەنێرن ئەم سەروەت و سامانەیان بۆیان پێكەوە ناوە .

## سودان و كۆیلەداری

لە سەردەمی فیرعەونەكانەوە تا ئەم ساڵانەی دوایی سودان بە گشتی و بەشی باشوری بە تایبەتی سەرچاوەی كۆیلە بووە بۆ باكورییەكان .لە سەردەمی فیرعەنەكاندا كۆیلە هێزی كاری سەرەكی بوون لە دروستكردنی شوێنە ئاینی و كێڵگە كستوكاڵییەكان و دروستكردنی ئەو هەموو ئەهرامانەی تا ئێستاش مرۆڤایەتی سەری لە ئاست دروست كردنی سوڕ ماوە .

بە هاتنی ئیسلام بۆ میسر عەبدولآی كوڕی ئەبی سەرح لەگەڵ باشورییەكان ڕێك كەوتن بەوەی ساڵانە 300 سەر كۆیلەیان بدەنێ لە هەمان كاتدا موسڵمانەكان خواردنیان بە ئەندازەی نرخەكەی بدەنێ 73.ئەم ڕێك كەوتنە چەندین ساڵی خایاند , موسا كوڕی النەسیر لە سەردەمی یەزیدی كوڕی معاویە لە ئەفریقاوە 300000 كۆیلەی هێنا , لەوانە پێنج یەكی نارد بۆ خەلیفە لە دیەشق كە كردییە 60000 74. واتە خومس بۆ بەیتی خەلیفە وەك هەر دەسكەوتێكی كە.

لە سەرەتای سەدەی 18 ژمارەی كۆیلە خەسێنراوە ڕەشەكان لە قەسری خەلیفە زیار لە 200 كەس بوو , هەموویان دیاری دەسەلآتدارانی میسری بون بۆ خەلیفە, نێرینەكانییان لە ئەبی تێكی نزیك ئەسوان دەخەسێنران , ئەوانەی دەیانییان خەساند فینقی بوون , چونكە ئاینی ئیسلام ڕێگەی بە خەساندن نادا 75. بە گوێرەی ئەلتونسی هاشم مسبعاوی لە ساڵی 1753دەسەلآتداری مسبعات بوو زیاتر لە 10000 چەكداری كۆیلەی هەبوو . لە ساڵی 1786

PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

سوڵتانی فورای هێرشی کرده سەر کردەڤان هەموو لاوان و کچانیان کرده کۆیله و تەنها پیرەکان نەبێت 76.

دەوڵەتی سودان لە سەردەمی فیرعەونەکانەوە کاری دابینکردنی کۆیله بووه بۆ سەربازی دەوڵەی ناوەندی 77. واته سودان شوێنی بەرهەمهێنەری کۆیله بوو بۆ میسرییەکان , بازرگانییەکی پڕ لە قازانج و داهات بوو بە درێژایی ئەو مێژوه دورو درێژه . کۆیلەی سودانی بەوه ناسراون لە کاردا بە دەست و بردو بە تواناو لە کاروباری سەربازیدا ئازاو لە خۆبوردوو بوون ,هەر ئەم هۆکاره بوو هانی محەمەد عەلی دا سودان داگیر بکات 78.

سودان و ولاتانی دیکەی ناوچەکە ناوەندی کار و چالاکی تیمه ڕاوکەرەکانی کۆیله بوون , بازرگانانی عەرەبیش چ لە سودان یاخود لە ولاتانی ناوچەکە کاروانی مێگەله کۆیلەکانیان بە سەرمایەدارانی ولاتانی دیکە دەفرۆشتەوە. لە تمبکتۆی مالی کاتێك ئەوروپییەکان دەیانەویست کۆیلەداری هەڵوەشێننەوە بەرەو ڕوی بازرگانی گەوره دەبونەوه , ئەوانەش دەسەلاتدارانی عەرەب بوون 79.

هەروەها موستەعمەرەی موانا–ممیای عەرەبی کە سەرۆکەکەی تیبۆ تیب بوو , دەوڵەمەندێکی عەرەب بوو سەدان کۆیلەی چەکداری هەبوو زۆر هاوکاری کامیرۆنی دەکرد 80. زۆربەی ئەو بازرگانانەی کۆنترۆڵی بازرگانی کۆیلەیان دەکرد لە عەرەبە موسڵمانەکان بوون , دژ بە هەوڵی ئەوروپییەکان دەوەستانەوه بۆ ئازادکردنی کۆیلەکان , پێشتر بۆخۆیان ئەو بازاڕەیان لەو دەڤەره گەرم و خۆشکردبوو ,ئێستا لە ژێر پاڵەپەستۆی ناوخۆو پێداویستی نوێی بازاڕ بە دوای شێوازێکی نوێی پەیدا کردنی هێزی کار و کۆیلەکردنی کرێکارەوەن . بەم شێوەیه لە سودان باکورییەکان لای باشورییەکان هیچ نین جگه لەوەی بازرگانانی کۆیله کە باپیرانییانیان کۆیله کردوه 81.

دابەش کردنی ولات بە دوو بەش دارالحەرب و دارالسلام 82, یەکەمییان بۆ زنجییەکان و دووەم بۆ موسڵمانان .لە بارودۆخی شەڕدا کۆیله کردنی ئەوانەی سەرپێچی دەکەن لەوەی شایەدمان بێننەوه ڕەوایه , کە تیپەکانی فەتح و نەسر المبین ئازادن لە کردارەکانییان .

ئەوه ئێمەین دوو سەدە دەگەڕێینەوه بۆ دواوه , ئەمەی سەرەوه ووتەی بیتەر کۆلی وتە بێژی یونسێفه . گەڕانەوەکەش بۆ دواوه بۆ ژێر سایەی ئەو سیستەمەیه کۆیلەداری تیایدا دەسەلاتدار بوو.

PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

له سودان كۆيله كردنی باشورييەكان لەوه دەرچووه تەنها هەواڵێك بێت , بەڵكه ڕاستييەكی دانپێنراوه , ڕێكخراوی داكۆكی لەو كۆيلانه دروستكراوه و بازاڕی تايبەتی خۆی هەيه و كار بۆ ئازاد كردنيان كراوه . به گوێرەی هەواڵ 6000 كۆيله بەرامبەر به 3000000دۆلار ناوەندی هاوسۆزی لەگەڵ مەسيحييەكان كڕيويانەتەوه ئازاديانی كردوه , بارەگای ئەم ڕێكخراوه له زوريخی سويسرايه, هەرچەنده يونسێف ڕەخنەی توندی لەم هەنگاوه گرتووه بەهۆی ئەوەی پێی وايه ئەم هەنگاوه هاوكاری گەرمكردنی بازاڕی كۆيله دەكات, بەلای ئەوانەوه باشترين هەنگاو بۆ كۆتايی هێنان بەم كاره ڕاوەستانی دەست به جێی شەڕه له باشوری سودان له نێوان دەوڵەتی ئاينی باكورو كەمايەتی ئاينی باشور. بێشك كۆتايی شەڕيش به بێ كۆتايی دەوڵەتی ئاينی نابێت . چونكه سەرچاوەی شەڕەكه له جێبەجێكردنی شەريعەتی ئيسلامەوه دەستی پێكردەوه.

ڕاپۆرتەكانی يونسێف ئەوه دەردەخەن له لێكۆڵينەوەكانييان كه كۆيلەداری له باشورو ڕۆژئاوای سودان به بەربلاوی بلاو بۆتەوه 83.

كۆمەڵەی ڕزگاری كۆيله له سودان كه بارەگاكەی له جنێفه ئەڵێ– 15000 كۆيلەی كريستانی و بێئاينەكانی تا ئێستا كڕيوەتەوه زۆربەيان ژن و منداڵن و ئازاديانيان كردوه , كۆيلەدارەكان له بەرەی ئيسلامی دەسەلاتدارەوه نزيكن 84. ئۆغستين لا له چوارچێوەی ئەو توێژينەوەی كه له زانكۆی كۆلۆمبيا پێشكەشی كرد تيايدا دەڵێت– (دەسته چەكدارەكان كه زۆربەيان سەر به بەرەی نەتەوەيی ئيسلامين هێرش دەكەنه سەر لادێكان , پيرەكان دەكوژن , ژن و منڵەكان بەهۆی كاروانەكانی كۆيلەوه دەبەن بۆ كاركردن له كێڵگەی كشتوكاڵ ياخود خزمەت گوزاری مالان , هەندێكييان دەنێرن بۆ ولاتانی ڕۆژهەلاتی ناوەڕاست , لەوانه سعوديه و ليبيا و ئەگەری ئيماراتيش هەيه 85. له لايەكی كەوه ميلشياكانی سەر به ڕژێم ئەو حەوت مليۆنه دانيشتووانەی باشوريیان ناچار كرد لەو كێڵگانەدا كاری زۆره ملێ بكەن , ئەمەش زۆر له سەردەمی كۆيلايەتی بەوه نزيك دەبێتەوه, ئەو سستەمەی هەر ئێستا له ڕۆژئاواو باشوری سودان دوباره كاری پێدەكرێتەوه 86. هەروەها هەلاتووەكانيش له سەربازگاكانی تايبەتی كۆكردۆتەوه كه له سەربازگەی ئاپارتايدەكانی باشوری ئەفريقيا دەچێت 87. هەر ڕۆژەی به شوێنێكا دەيانگوێزنەوه , سەرباری ئەوەی له سەربازگاكاندا تەبشيره موسڵمانەكان چالاكن , خەڵكەكه برسی دەكەن تا بىن به موسڵمان 88.

PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

میندی کە کچێکی کۆیلەی باشورییە پەرتوکی کۆیلەی نووسی و دەنگ و سەدای لە جیهاندا دایەوە , ئەو لە تەمەنی 12 ساڵییەوە کراوە بە کۆیلە و بردوویانە بۆ باکوری سودان , لە پەرتوکەکەیدا باسی ئەوە دەکات و دەڵێت –لەو ماڵەی کارییان پێم دەکرد نایان هێشت دەست لە منالّەکانییان بدەم , پاشماوەی خۆراکی خۆیان پیّ دەدام و رۆژتا ئێوارە کارییان پێم دەکرد , تا هەلّێکی بۆ رێك دەکەوێت و هەلّدێت و خۆی رزگار دەکات ,ئێستا لە بەریتانیا ژیان دە باتە سەر .



بەراستی شەرمەزارییە لە سەدەی بیست و یەکدا لە جیهاندا پاش یاساغ کردنی زیاتر لە سەدەو نیوێك لە سودان و مۆریتانیا و نایجەر و پاکستان و هیندستان ولاّنی کەنداو کۆیلەداری بەردەوام بێت .چیرۆکی میندی چیرۆکی دادگایی کردنی کۆیلەداری و شەرمەزار کردنێتی .

## سەرچاوەکان

1–(الحريم السياسي –النبي والنساء-فاطمة مرنيسي –ترجمة عبدالهادي عباس –ص191.
2-(ئيسلام ناسی –عەلی میر فیردۆسی–وەرگێڕانی سیامەك بابەك ل116).
3–(الرق في تاريخ-محمد عطا سعيد رمضان-مكتبة دار القلم –سلسلة الاسلامية معاصرة –ص16.
4- شريعة حمورابي و اصل التشريع في الشرق القديم –دارالعلادين –ص55.
5-( عهد القديم –سفر الخروج –الاصحاح 21–فقره 2–3).
6–(حكايات الجواري في قصور الخلافة –دار اخبار اليوم –200ص-1988).

PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

7-.(العبودية –الدكتور فاظل الانصاري -الاهالي 2001 ل 33).
8- العهد القديم –سفر تثنية –الاسحاح عشرون-فقرة 10-15- ص 311.
9- العبوديه–موريس لانجيه,ترجمه الياس مورقيس –دارالحصاد –ديمشق1994 ل, 111).
10- سەرچاوەی 7 ل37.
11-حياة-16-12-1999-عدد 13370-حسين احمد امين).
12-(دولة يثرب بسائر عام الوفود-سينا للنشر-خليل عبدوالكريم ص120).
13--المجتمع الاسلامي والغرب –هاملتون جيب و هارولد بوين –ترجمة عبدامجيد القيسي –جزء الآول ص 63-64.
14- ئيسلام ناسى –ل115.
15-جذور التاريخية لشريعة الاسلامية –خليل عبدوالكريم –سينا للنشر 1997 ,ص 79.
16- الحريم السياسي....ص 173-219.
17--دولة يثرب ...... –ص120.
18- الحريم السياسي......-ص199.
19- ئيسلام ناسى...... ل 28 –هەروەها –الاسلام والسلطات ,د.ايمن ابراهيم ,ص 246.
20- ئيسلام ناسى........ ,ل28 .
21- جذور تاريخية للشريعة الاسلامية ,ص79-الرق في التاريخ –ص27.
22-المجتمع الاسلامى والغرب....... ل86.
23- المجتمع الاسلامى والغرب...... – ل88.
24- الرق في التاريخ –محمد عطا –ص8.
25-مصدر 7 . العبوديه....... ل63.
26-هەمان سەرچاوه 7 العبودية ص 51).
27-(حروب دولة الرسول سيد محمود قمني –ص355).
28- جذور تاريخية لشريعة ص80.
29- جذور تاريخية للشريعة ص80.

PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

30- سەرچاوەی 7 العبودية ل 85.
31- الرق في التاريخ –محمد عطا ص18.
32- عەفيف ئەخزەر_حيوار تەمەدن ژمارە , 853 ڕۆژی 3–6–2004.
33– الدولة والدين –محمد سيعيد الطالب -دار الاهالي ,ص186.
34– البنية الوعي الديني والتطور الراسمالي –دراسات اولية –فالح عبدالجبار ,مركز ابحاث دراسات الآشتركية في عالم العربي ص49.
35– الدوله والدين..... ل174.
36– الدوله والدين ..... ل189.
37– الدوله والدين ...ل 207.
38– العبودية, موريس لانجية, ترجمة الياس مرقص, طبعة اولى 1994.
39–الاهرام 16-4-2000 عدد 41394.
40- حياة عدد 13380 26-10-1999 ,حولة اعادة الرق في السودان, عفيف الاخضر.
41- سايدي بی بی سی 27–5– 2002.
42- 17–3–1998 بەيان ئيماراتی.
43– . www.annabaa.org.
44–سايدی 7–10–2001 جەزيرە نێت.
45–www.annabaa.org.
46– ڕۆژنامە , حياة عدد 13048 ,24-11-1998.
47– حياة عدد 13048.
48- بی بی سی 7–11–2003.
49– ميدل ئێست ئۆنلاين –5–30–2004.
50– گۆڤار وطن عربي, عدد 1203 تاريخ 24-3-2000.
51- حياة 19-10-1998 عدد 13012.
52- بی بی سی 19–12–2003.
53– حكايات الجواري في قصور الخلافة وسعيد ابو العينين ص 10-199.
54- حكايات..... ص7 .

PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

55– حكايات ...ص8.
56- حكايات .... ص201.
57- حكايات ..... ص20.
58-–العبودية, د.فاضل الآنصاري ....ص90.
59- حكايات .... ص30.
60- حكايات ...ص35.
61– حكايات.....ص36.
62-– المجتمع الاسلامى ... ل123 .
63_ ل 73 العبوديه...... د.فازلّ الانسارى.
64– ل 128, العبوديه.... د.فازلّ الانسارى .
65-– العبوديه....ل94.
66– بەيان 17–3–1998.
67–بەيان 17–3–1998.
68-(بەيان –رۆژنامە 3–11–1999).
2001-5-10-69 جەزيرە نێت.
70–(3–11–1999 بەيان– ئيحسان عەبدوالعەزيز).
71– بى بى سى 7–9–2001.
2004-4-27-72 بي بي سي).
73- فتوح بلدان –للامام ابى الحسن البلازرى –دار الكتب العلميه –بيروت لوبنان –ل238.
74– العبوديه ......ل74.
75– المجتمع الاسلامى ,بەشى يەكەم –ل 128.
76-–السودان –محمد ابو قاسم حاج حمد –ل 22.
77– وطن عربي, عدد 1157 7-5-1999- هەروەها– الاسلام السياسي والراسمال الهارب ,سينا للنشر ,د.خديجة صفوت 1994.
78- الدولة والدين...... ص188-189.
79- العبودية. موريس لانجية.... ص134.

PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

80—العبودية. موريس لاجية.....ص135.
81--المثقون لسودانيون والطائفية الميرغنية المهدوية, منشورات علاءالدين ص 114.
82–حيات عدد 13254 محمد ابو قاسم حاج محمد .
83– وطن العربي, عدد 1157, 7-5-1999.
84- حيات 26-10-1999 عدد 13380حولة اعادة الرق في السودان, عفيف الاخضر.
85--حيات عدد, 13164 23-3-2000, خاليد مبارك.
86- حيات, 27-1-1999, عدد 13259, جورج طرابيشي.
87--سەرچاوەی پێشوو.

PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com